

### رومراما ئیسماعیل یاریزانی باسکە:

# لەسەرەتاوە بەهرە و توانای خۆم لە یانەی ئەکاددا دۆزیوەتەوە

یانەی ئەکاد یەکێکە لەو یانانەی کە ساڵانە و لە یارییە جۆراوجۆرەکان چەندین قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە تواناکانی یاریزانانی شارۆچکەکەی ببینێت بە ئامانجی دروستکردنیان و سوودوەرگرتن لە کچانی تیپەکەیان و پێگەیاندنیان و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش رومراما ئیسماعیل ـە. لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شارۆچکەی عەنکاوەیە و قوتابی زانکۆیە و یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە لە یاریی تۆپی باسکە، ساڵانەش تیپی باسکەی یانەی ئەکاد بە یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی عێراق و کوردستان دێتە هەژمارکردن، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی رومراما کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***لەنێوان ئەم هەموو یارییە وەرزشییەدا چۆن بوو یاریی باسکەت هەڵبژارد؟**

-یاریی باسکە تایبەتمەندیی خۆی هەبووە لە ژیانی من، ئەم یارییە لە گشت یارییەکانی تر زیاتر خولیای بووم، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەمزانی لەم یارییەدا سەرکەوتوو دەبم، بۆیە منیش ئەم یارییەم هەڵبژارد.

***ئاستی یاریی تۆپی باسکە لە ئێستادا چۆن دەبینی؟**

-بەشێوەیەکی زۆر باشی نابینم، بە هۆی نەبوونی پاڵەوانێتی کە ئەویش هۆکارە بۆ ئەوەی کە ئێمە وەکو یاریزانان نەتوانین بە شێوەیەکی چڕ مەشقەکانمان ئەنجام بدەین، ئەوەش گرفتە بۆ سەرجەم یاریزانانی تیپەکە کە نەتوانن گرنگی بە تواناکانی خۆیان بدەن.

*** بۆ ئەوەی ئاستی تۆپی باسکە لە کوردستان بەرز ببێتەوە، پێویستە چی بکرێت ؟**

-بەر لە هەموو شتێك کردنەوەی پاڵەوانێتیی بەردەوام هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی بتوانین گرنگی بەم یارییە زیاتر بدرێت، جگە لەوەش کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شار و شارۆچکەکان و دابینکردنی هۆڵ و کەل و پەلی پێویست، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان.

***نەکردنەوەی پاڵەوانێتی لە ماوەی رابردوودا تاچەند کاریگەریی لەسەر ئاستی ئێوە هەبووە؟**

-بە دڵنیاییەوە کاریگەریی زۆری هەیە ئەگەر هیچ پاڵەوانێتییەك نەبێت، بێگومان ئاستی یاریزانان دادەبەزێت. بۆیە پێویستە لەسەر بەرپرسانی وەرزشی خول و پاڵەوانێتی بکەنەوە؟

*** بە شێوەیەکی گشتی گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینی؟**

-لە ئێستادا لە شاری هەولێر تەنیا یانەی ئەکاد گرنگی بەردەوام بە یارییە وەرزشییەکان دەدات، بەتایبەتی یاریی باسکەی کچان، بۆیە لەسەر لایەنی بەرپرس پێویستە زیاتر گرنگی بە تواناکانی کچان بدات و هۆڵ و پێداویستیی وەرزشییان بۆ دابین بکات.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی کچان زیاتر روو لە وەرزش بکەن؟**

-پشتگیریکردنی کچان بە دابینکردنی پێداویستییەکانە بۆ ئەوەی ئەوانیش زیاتر روو لە وەرزش بکەن، پێویستە هان بدرێن و خانەوادەکانیش هاوکاریان بن، جگە لەوەش هۆڵی زیاتر بکرێتەوە بۆ کچان بۆ ئەوەی ئەوانەی بەهرەیان هەیە بتوانن بەهرەکانی خۆیان لە یانەکان تاقی بکەنەوە، ناردنە دەرەوەی کچە یاریزانان بۆ دەرەوەی وڵات، ئەوانە هەمووی هۆکارە بۆ باشتربوونی ئاستیان.

***دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی ئەکاد چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان و دەستەی راهێنەران دەکەین کە بەردەوام هاوکاری ئێمەیان کردووە بۆ ئەنجامدانی مەشق و پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی تیپەکەمان.

*** هیواو وئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

- بە هیوای ئەوەم بتوانم لە داهاتوودا زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم و بتوانم چەند نازناوێك لەگەڵ یانەکەم بەدەستبهێنم و یانەکەشمان لە سەر ئاستی عێراق و دەرەوەش نازناوی گەورە بەدەست بهێنێت.

*** تۆ قوتابی زانکۆیت، ئایا وەرزش گرفتت بۆ دروست ناکات؟**

- نەخێر چونکە من کاتەکانی خۆم دابەش کردووە بۆ هەردوو لا، بۆ وەرزشەکەم و خوێندنەکەشم، دەمەوێ لە هەردوو لایەندا سەرکەوتوو بم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

- بەهیوای ئەوەم بتوانم لە داهاتوو زیاتر خزمەت بە وەرزشی یاریی باسکە بکەم و بتوانم تواناکانی خۆم لەم یارییە سەرف بکەم و سوود بە هەموو لایەك بگەیێنم.

***ئەگەر شتێکت مابێت؟**

- بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بە یارییەکانی کچان بدرێت لە یاریی باسکە پاڵەوانێتییەیان بۆ بکرێتەوە و ئەم قەیرانە داراییە چارەسەر بێت، سوپاسی گۆڤاری گوڵان-یش دەکەم بۆ ئەم خزمەتە بەردەوامەی بە یاریزانانی شارەکانی کوردستان دەکات.

**کردنەوەی پاڵەوانێتیی بەردەوام هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی بتوانین گرنگی بەم یارییە زیاتر بدرێت، جگە لەوەش کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شار و شارۆچکەکان و دابینکردنی هۆڵ و کەل و پەلی پێویست**

# ریکاردۆ کاکا: نیمار لە کاتێکی نزیکدا دەب

یاریزانی بەناوبانگی بەرازیلی ریکاردۆ کاکا پێی وایە کەیاریزان نیمار دا سیلڤا لە کاتێکی نزیکدا دەبێتە خاوەن خەڵاتی تۆپی زێڕین وەك باشترین یاریزانی جیهان، کاکا لەلێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی فیفا گوتی : نیمار لەوەتەی هاتۆتە ئەوروپا و یاری لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە دەکات ئاست و تواناکانی بەرەوپێش چووە، بەدەستهێنانی خەڵاتی تۆپی زێڕین لەلایەن ئەم یاریزانەوە تەنها مەسەلەی کاتە و لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەم خەڵاتە بەدەست دەهێنێت .

کاکا لەساڵی ٢٠٠٧ ئەم خەڵاتەی بەدەست هێناوە کاتێك لەیانەی میلان یاری دەکرد رایگەیاند بەدەست هێنانی خەڵاتی تۆپی زێڕین لەلایەن هەردوو








## ـــــێتە خاوەن تۆپی زێڕین

یاریـزان کریسـتیانۆ ڕۆنالـدۆ و میسـی لـە ٧ سـاڵی ڕابردوودا کارێکـی ئاسـایی و دادپەروەرانەیە، چونکە هەموو سـاڵێك ئەم دوو یاریزانە ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکەن هەر وەك پێش ئەوان هەریـەك لـە یاریزانان ڕۆنالدۆ و زیدان و کەناڤارۆ بەشایسـتەیی خەڵاتەکەیان بەدەست هێنا .

یاریـزان کاکا تەمەنـی ٣٣ سـاڵە لەکیشـوەری ئەورووپـا لەگـەڵ یانەکانی ئەی سی میلان و ریال مەدرید یاری کردووە و ئێستا لە خولی ئەمریکا لەگەڵ یانەی ئۆرلاندۆ سیتی یاری دەکات .

## باشترین پێکهاتەی ئەرژەنتین لە مێژوودا

یەکێتی تۆپی پێی ئەرژەنتین باشـترین پێکهاتەی هەڵبژاردەی تانگۆی لە مێژوودا ئاشـکرا کرد، پێکهاتەکە ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرژەنتینی دییگۆ ئەرماندۆ مارادۆنا و لیۆنێل میسی لەخۆ دەگرێت، ڕۆژنامـەی ئاسـی ئیسـپانی پێکهاتەکـەی بڵاوکـردەوە و دوپاتیکـردەوە کە ئەم پێکهاتەیـە پێکهاتەیەکـی نمونەیە بۆ باشـترین یاریزانانی ئەرژەنتین لـە مێژوودا، پێکهاتەکەش بەم شێوەیە بوو :

گۆڵپارێز : فیلۆل

هێلی بەرگری : زانیتی * پێرفیمیۆ * پاساریلا * تارانتینی

هێلی ناوەراست : بیرندیزی * ریدۆندۆ * مارادۆنا

هێلی هێرشبەر : کامپیس * میسی * پاتیستۆتا



## ریال مەدرید نرخی فرۆشتنی خامێس ڕۆدریگز دیاری دەکات

ڕاپۆرتـە هەواڵـەکان ئاماژەیـان بەوەدا یانـەی ریال مەدرید ئامادەیـی خـۆی نیشـانداوە دەسـتبەرداری ئەسـتێرەی کۆلۆمبـی خامێـس ڕۆدریگـز بێـت بـۆ بەرژەونـدی یانەی مانچسـتەر یونایتـدی ئینگلیزی، ڕۆژنامەی ئەکسپرێسـی بەریتانـی دووپاتیکـردەوە یانەی ریال مەدریـد نرخی یاریزان خامێسـی دیاریکـردووە بە ٦٣ ملیـۆن پاوەند، ئەگەر یانەی مانچسـتەر یونایتـد ئامادەبێـت ئـە بـڕە پارەیە بداتـە یانەی ریـال مەدریـد ئـەوە یانەی شـاهانە دەسـتبەرداری ئەسـتێرە کۆلۆمبیەکە دەبێت .

ڕۆژنامەکـە ئامـاژەی بۆ ئەوە کردووە کـە یاریزان خامێس لـە بارودۆخێکی سـەخت دایە بەهۆی هەڵسـوکەوتەکانی لەدەرەوەی یاریگا کە دواترینیان لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بـوو بەخێرایەکی زۆرەوە لەشـاری مەدرید لە کاتی ڕۆیشـتنی بۆ مەشقەکانی یانەکەی، ڕۆژنامەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە یانەی مانچستەر یونایتد ئامادەیـە ئەوبـڕە پارەیـە بـدات بەمەبەسـتی بەهێزکردنـی هێلـی ناوەراسـت بەتایبەتـی کـە ئێسـتا یاریزانی ناوبراو لە پێکهاتەی سەرەکی یانەی ریال مەدرید یاری ناکات .



## هەڵۆ ئامادەیە

ئەم وەرزە قەیرانی دارایی بە شێوەیەکی قورس بەرۆکی یانەکانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، بەجۆرێك هەموویان بەدەستی ئەم قەیرانەوە دەناڵێنن، یانەی هەڵۆی بارزان-یش جیاواز لە تیپەکانی دیکە هەرچەندە گرفتی داراییان هەیە، بەڵام کارگێڕانی یانەکە سوورن لە سەر بەشداریکردن لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان کە تاکو ئێستا وادەکەی دیاری نەکراوە، تیپەکەش بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانیان. لە بارەی دابینکردنی بڕی پارەی پێویست بۆ تیپەکە و ئامادەکارییەکانیان ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشی هەڵۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ هەر چەندە گرفتی دارایی هەیە لە سەرجەم جومگەکان، بەڵام ئێمە بەشداری یارییەکانی وەرزی نوێ دەکەین، بارودۆخی دارایی تیپەکەشمان زۆر خراپە، ئێمە لە ناوچەیەکین کە هەموومان وەرزش دۆستین و دەمانەوێ وەرزشی خۆمان بکەین و لەسەر گیرفانی خۆمان وەرزشەکە ئەنجام دەدەین، ئەمساڵیش حوسێن جەبار راهێنەری پێشووی یانەی ئەهلی سەیدای لوبنانیم هێناوەتە یانەکە بە تەنیا مووچەیەکی مانگانە بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی تیپەکەمان لەگەڵ دوو یاریزانی شاری بەغدا بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ یاریزانانی خۆمان ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، چەندین یاری دۆستانەشمان ئەنجامداوە. ئێمە بۆ وەرزی ئەمساڵ هیچ گرێبەستێك بە هیچ یاریزانێك نادەین جگە لە پێدانی مووچەش، سەرجەم ئەم پارانەشم لە گیرفانی خۆم داوە وەکو سەرۆکی یانە، هیچ کەسێك هاوکاریی تیپی هەڵۆی نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەتا پێمان بکرێت لە خزمەتی یانەی هەلۆ دەبین و یاریزانانی تیپەکەشمان بەڵێنی ئەوەیان داوە ئەنجامی باش بەدەست بهێنین»، خەلیل گوتیشی: «هەموو مانگێك من لەسەر گیرفانی خۆم و بەقەرز بڕی ١٣بۆ١٤ملیۆن دینار دابین دەکەم بۆ یاریزانانی تیپەکەم کە ئەوەش بۆمن کارێکی قورسە و بڕی ١٩ملیۆنی وەرزی رابردوو قەرزارم تاکو ئێستا توانای دانەوەمان نەبووە، بەڵام ناکرێت هەر دەستبەرداری وەرزشەکەمان بین.»



## باڵەی شەقڵاوە بە قەرز بەشداری خـــ



هەرچەندە تیپی تۆپی باڵەی یانەی شەقڵاوە بەهۆی نەبوونی توانای دارایی پێویست بەشداریی یارییەکانی خولی نایابی تۆپی باڵەی یانەکانی عێراقی نەکرد، بەڵام ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی دیکە کە ماوەی دوو وەرزە خولی نایابی باڵەی کوردستان بەڕێوە نەچووە، خولەکە بەرێوەدەچێت و تیپی باڵەی شەقڵاوەش بڕیاری بەشداریکردنی داوە، یەکەم یارییش لە رۆژی چوارشەممە لە هەڵەبجەی شەهید دەبێت. لە بارەی بەشداریکردنیان لە خولەکان، فەرهاد خەیات سەرۆکی یانەی وەرزشی شەقڵاوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە سەرەڕای ئەوەی قەیرانی دارایی تیپەکەمان گرتۆتەوە، بەڵام بە هەر شێوەیەك بێت بەشداری خولی کوردستان دەکەین، زۆریش زەحمەتە بەم بارودۆخە خراپەی دارایی، بەڵام من وەکو سەرۆکی یانەکە تەواوی خەرجیی ئەم خولەم گرتە

## زاخۆ تاکو کۆتایی ئەم وەرزە

هەرچەندە ئەم وەرزە بۆ سەرپەرشتیکردنی خولی نایابی یانەکانی عێراقی زاخۆ گرێبەستی لەگەڵ راهێنەری پیشەگەری رۆمانی ئیلیان ستان مۆرکرد بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە بکات لە خولەکە، بەڵام دوای ئەنجامدانی ١١ یاری لە خولەکە تەنیا١٧خاڵی کۆکردەوە، ئەم ئەنجامەش بە دڵی دەستەی کارگێڕیی یانەکە نەبووە، بۆیە بە فەرمی لە سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە دوورخرایەوە، بۆ شوێنی ناوبراویش یانەی زاخۆ دوای ئەوەی بڕیاری دابوو راهێنەرێکی



## ـــــولی کوردستان دەکات



ئەستۆی خۆم لە هاوکاری یاریزانان و هاتوچۆ و خواردن و هۆتێل لەگەڵ دابینکردنی تەواوی کەل و پەلی وەرزشی بۆ تیپی باڵەی تیپەکەمان، ئامانجمان ئەوەیە بۆ ئەوەی تیپی باڵە کە لە یانەکەمان ئاستێکی بەرزی هەیە، نەمرێت و بە زیندوویی بمێنێتەوە، ڕەنگە ئاستمان وەکو جاران نەبێت لەبەر کەمیی کات بۆ خۆئامادەکردنمان و نەهێنانی یاریزانانی بەتوانا، تیپەکانی دیکەش ڕاهێنانیان لە ئێمە باشترە، چونکە بەشدارن لە خولی عێراق، بەڵام ئێمە ژمارەیەکی ئاسان نابین لە خولەکە و هەوڵدەدەین لە ڕیزی پێشەوەی تیپەکان بین». لەبارەی خەرجکردنی بڕی پارەی پێویستیش گوتی: «نزیکەی ١٦ملیۆن دینارمان پێویستە و خۆم خەرجی دەکەم، من قەرز بۆ یانەکە دەکەم و لە ساڵی ٢٠١٣یشەوە پارە لەم یانەیە خەرج دەکەم، ئێستاش مانگانە قەرزی خەڵك دەدەمەوە.»

## ڕاهێنەرەکەی ناگۆڕێت

عێراقی بکاتە ڕاهێنەر، بەڵام نەیتوانی بگەنە ڕێککەوتن لەگەڵ هیچ ڕاهێنەرێك، دواتر پەنایان بۆ ڕاهێنەرێکی پیشەگەری ڕۆمانی ماریۆ مارین برد بۆ سەرپەرشتیکردنی یارییەکانی داهاتووی یانەکە، لە بارەی دەستنیشانکردنی ڕاهێنەری ناوبراویش خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بە هۆی گرفتەکانمان و بەدەستنەهێنانی ئەنجامی شایستە لەگەڵ ستان ئەومان دوورخستەوە، دوای ئەوەش ئێمە هەوڵی زۆرماندا بۆ ئەوەی ڕاهێنەرێکی عێراقی بەتوانا دەستنیشان بکەین بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەی زاخۆ، بەڵام نەمانتوانی ئەوەی ئێمە دەمانەوێ دیاری بکەین، بۆیە دوای هەوڵێکی زۆر توانیمان بگەینە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕاهێنەری پیشەگەری ڕۆمانی ماریۆ مارین کە پێشووتر ڕاهێنەری هەریەك لە یانەکانی کلۆجی ڕۆمانی و کوێتی کوێتی و ئیتفاقی سعودی بووە، چەندین ئەنجامی باشی بەدەستهێناوە لەگەڵ یانەکانی و یەکێك بە باشترین ڕاهێنەرانی ڕۆمانیا دێتە هەژمارکردن، گرێبەستەکەشمان تاکو کۆتایی ئەمساڵە و لە سەر هەموو خاڵەکان لەگەڵی ڕێککەوتووین.» لە بارەی بڕی گرێبەستەکەشی خەلیل گوتی: «بە بڕە پارەیەکی هەرزان گرێبەستمان لەگەڵی کردووە و ستافی ڕاهێنەریش خۆی دەیهێنێت بۆ زاخۆ و ئومێدی زۆرمان بەم ڕاهێنەرە هەیە کە بتوانێ ئەنجامی شایستەمان بۆ بەدەست بهێنێت.»

